به بۆنەی بیست و نۆیەمین ساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری (ڕامان)ـەوە

# لە گۆڤاری (ڕامان)دا کوردستانی گەورە دەبینرێ

ناسح حوسێن سلێمان

زۆرم حەز دەکرد شاعیر بوومایە و بە زمانی شیعر، گۆڤاری ڕامان بپەسنێنم، چونکە زمانی شیعر بەرزترین ئاستی زمانە و (ڕامان)یش هەر لەو ئاستەدایە.

پەشێو دەیگوت: [لەو ئەنفالستانەی زمانی کوردیدا، ڕامان هۆی داوەتەوە، ئەگەر ڕامان نەخوێنمەوە، ئەی چی بخوێنمەوە!]

لە سەردەمێک کە ئەدەب ڕووی لە لێژییە و شیعر و ناشیعر، چیرۆک و ناچیرۆک و ڕۆمان و ناڕۆمان لێکتر جودا ناکرێنەوە و داهێنەر و ڕووخێنەر لە هەمان کات و لە هەمان شوێندا، بە یەک جۆرە خەڵات، خەڵات دەکرێن، ڕامان لەو کێلییە ناسکانەدا چووزەرە دەکات و سەر هەڵدێنێت و ترووسکاییەک دەخاتە دڵی هەموان. مەگەر هەر بەو زمانە شیعرییە بتوانین ڕامان هەڵبسەنگێنین و لە بناوانی هەندێک لایەنی شاراوەی ئەو گۆڤارەدا بکۆڵینەوە. هەر لە سەرەتاوە گۆڤاری ڕامان کەوشەنە نامۆکانی خاکی دابەشکراوی تێک شکاند و هەر بە خامەی نووسەران، کوردستانی کردەوە یەک پارچە.

لە (ڕامان)دا هەست دەکەیت، تا ڕادەیەکی زۆرباش شیعر و ناشیعر، چیرۆک و ناچیرۆک، گوتار و ناگوتار، ڕەخنە و ناڕەخنەی تێدا جودا دەکرێنەوە و بایەخ بە زمان و زمانەوانی و ڕێنووس دەدرێت. ئەمانە لە سەردەمی ئەمڕۆدا، بەدەگمەن، لە چاپەمەنیی ئەم سەردەمەدا بەرچاو دەکەون. ئەگەر کاک ئازاد عەبدولواحید ڕەخنەگر نەبووایە، زۆر ئەستەم بوو ڕامان بەو شێوە زانستییەی ئێستای دەربکەوێت، یان زۆر کون و کاژێری تێ دەبوو، هەر لە هەڵەی ڕێنووس و زمانەوانی تا هەڵبژاردنی بابەتەکان، هەر بۆیەشە تاکە گۆڤارە لە ڕووی ڕێنووس و خاڵبەندییەوە، زمانی کوردی پاراستووە.

## گرنگیی گۆڤاری ڕامان:

ئەو خاڵانەی کە گۆڤاری (ڕامان)ی پێ تایبەتمەند بووە، ئەمانەن:

١. لە ڕووی ڕێنووس و خاڵبەندییەوە تا ڕادەیەکی زۆرباش بایەخی پێ دراوە و هەموو بابەتەکان بەژێر خامەی سووری چاککردنەوەدا دەڕۆن. هەڵەچنیی

خاڵبەندی و هەڵچنیی ڕێنووسی دەکرێت.
٢. پێداچوونەوەی زمانەوانی بۆ دەکرێت.
٣. تا ڕادەیەکی باش بابەتەکان هەڵدەبژێردرێن، ناچیرۆک، ناشیعر، ناوتار و ... تاد، تێیدا بڵاو ناکرێتەوە.
٤. لە هەموو ژمارەیەکدا، کەسایەتییەکی کورد بەسەر دەکرێتەوە کە ئەوانە بەشێکن لە مێژووی زمان، ئەدەب، هونەر. پاش نیو سەدە، یان سەدەیەک و زیاتر، ئەم چاوپێکەوتنانە دەبنە خەرمانێکی باش بۆ مێژووی زمان و ئەدەب، مێژووی هونەر و بۆ ڕەخنە و دەبنە سەرچاوەیەکی ئاودار بۆ تێزەکانی خوێندنی باڵا. ئەم دیدارانە پرپەتی لە نهێنی کە لە کاتی گفتوگۆدا پەردەیان لەسەر لا دەدرێت.
٥. لەناو گۆڤاری (ڕامان)دا کوردستانی گەورە دەبینرێ، سنوورەکانی هەر پێنج پارچە نەماوە، هەموو نووسەرەکانی ئەم پارچانە خامەکانیان تێیدا دەدرەوشێتەوە.
٦. بایەخدان بە نووسین و وێژەی هەموو زارەکانی کوردی، زمانی کوردی تەنیا یەک زار نییە، بۆنی هەموو زارەکانی زمانی کوردی لە ڕامان دێت، نووسەرانی هەر پێنج پارچە لەم گۆڤارەدا بەرهەمەکانیان بڵاو دەبێتەوە. لەوانەیە یەکەم گۆڤار بێت کە بە زاری [کرمانجکی؛ کردکی؛ زازاکی] نووسینی بڵاو کردبێتەوە، کە زاری زازاکی یەکێکە لە زارە گرنگەکانی زمانی کوردی.
٧. گۆڤاری ڕامان لە بیست و نۆ ساڵەی تەمەنی خۆیدا، بەبێ پچڕان، بەردەوام بووە و نەوەستاوە. ئەم بەردەوامییە، واتە ئافراندن و ڕۆنانی ئەزموونێکی پڕ بە مفا بۆ مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی و ڕۆژ بە ڕۆژ وا لە گۆڤارەکە دەکات خاڵی پێشکەوتنی پتر بێت و زانستیتر خۆی ڕابنێت.
٨. هەندێک جار [کێشەی زاراوە] بۆ گۆڤاری ڕامان دروست دەبێت، لەمەشدا هەر جێپەنجەی دیارە و ڕۆڵێکی گرنگی لە چەسپاندن و یەکگرتنی زمانی کوردیدا هەیە.
٩. هەندێک جار گەلێک نامەی ئەدیبان، کە بایەخێکی ئەدەبی، سیاسی و مێژوویيان هەیە، لەم گۆڤارەدا بڵاو دەکرێنەوە، ئەم نامانە هیی سەردەمێکن کە بوونەتە مێژوو بۆ ئەدەبی کوردی.
١٠. ئەو وێنانەی کە لە گۆڤاری (ڕامان)دا بڵاو دەکرێنەوە، هەندێکیان تایبەتن بەو گۆڤارە و بایەخی هونەریی خۆیان هەیە. پێشانگەیەکی بچووکی مانگانەیە لەسەر لاپەڕەکانی ئەم گۆڤارە دەکرێتەوە.
بۆیە بایەخدان بەو گۆڤارە و بەردەوامبوونی، بایەخدانە بە زمان و ئەدەبی کوردی. بۆ ئێمەی



کوردیش ئەمڕۆ زمان یەکێکە لە خاڵە هەرە گرنگەکان بۆ مانەوە و پرۆژەی نەتەوایەتیمان.

١١. گۆڤاری ڕامان کۆمەڵێک لاوی بە ڕێڕەوێکی باش پەروەردە کرد، ئەوانە توانییان ببن بە نووسەری لێهاتوو و زمانپاراو، توانییان خۆیان لە بەشەکانی ناو ئەدەب بدۆزنەوە.

١٢. گۆڤاری ڕامان، بەبێ گوێپێدان بە ئایدیۆلۆجیا و بیرە تەسکەکان، هەموو نووسەران کۆ دەکاتەوە و لەسەر مێزی ئەو گۆڤارە دادەنیشن، ئەمەش تایبەتمەندییەکی تری ئەو گۆڤارەیە کە ئازایەتییەکی زۆری دەوێت بۆ بڕیاردان لە کارێکی وەها هەستیاردا.

ئەوەی لەو خاڵانەی سەرەوەدا دەستنیشان کراون، بۆ گۆڤارێکی وەکوو ڕامان، هەموویان پێویستیان بە لێکۆڵینەوەی زانستییانە هەیە بۆ ئەوەی ڕۆڵی ئەم گۆڤارە لە مێژووی ئەدەب و زمانی کوردیدا هەڵبسەنگێنرێت، هەرچەندە دەبێت ئەوە بزانین کە ئەدەب، نەک تەنیا لای ئێمە، بەڵکوو لە هەموو جیهان خەریکە دەسووێت و بایەخی کەم دەبێتەوە، چونکە لەگەڵ کات ناگونجێت، بەڵام لەم سەردەمەدا کە چەندان ڕێکخراوی ترسێنەر و تۆقێنەر دروست کراون، ڕێژەی ئەدیبان زۆر زۆر کەمترە لە ڕێژەی ئەندازیار و پسپۆرانی ناو بواری زانست، ئەمەش جارێکی دی ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت کە تا چ ڕادەیەک ئەدەب پێویستە بۆ کۆمەڵگە، بۆیە بایەخدان بە گۆڤارێکی وەکوو ڕامان، هەموو لایەنە پێوەندیدارەکانی ناو حکوومەت سوودی لێ دەبینێت، بێجگە لە کۆمەڵگەیەکی وەکوو کۆمەڵگەی ئێمە.

سەردەمی ئەمڕۆ، لە فیزیای تەنۆلکەکانەوە [فیزیای کوانتەم] بگرە، تا گەردەزیندەوەرزانی، کە گرنگترین زانستی ئەمڕۆن، سەردەمی پێڕانەگەیشتنە بە فێربوونی ئەو هەموو دەسکەوتنانەی کە زانست بەرهەمی هێناون، بەڵام دەرفەتێک هەر ماوە کە ئەدەب لەناو دووتوێی لاپەڕەکانی گۆڤاری ڕامان-دا بخوێنرێتەوە.

بۆیە بایەخدان بەو گۆڤارە، لەلایەن دەزگاکانی حکوومەتەوە، ئەرکێکی نەتەوایەتییە. پێویستە دەرفەتی پتر بخرێتە بەردەمی ئەو گۆڤارە و سەرنووسەری ئەو گۆڤارە، کاک ئازاد عەبدولواحید، بۆ ئەوەی هەر وەکوو گۆڤار نەمێنێتەوە و ببێتە دەزگایەکی ئەدەبی - ڕۆشنبیری و ببێتە ناوەندێک بۆ پرۆسەیەکی ستراتیژیی درێژخایەن بۆ ئافراندن و ڕۆنانی چەند خامەیەکی نەتەوەییی دیار و بەشکۆ بۆ سیاسەتی ئەدەب و زمان، بەمەش بناغەیەکی پتەو بۆ ڕۆشنبیریی کوردی و کەسایەتیی کورد دادەنرێت و دەبێتە مێژوویەکی پڕ لە شکۆ و پرشنگدار بۆ کۆمەڵگەی کوردی لە سەردەمێکی زۆر ناڕوون و پڕ لە جەنجاڵی. هەموو کەرەستەکانی بەدەزگابوونی ئەم گۆڤارە ئامادەیە و هەر پێویستی بە بڕیارێکە بۆ ئەوەی وەکوو دەزگایەکی ستراتیژی خۆی ڕابگەیەنێت. بێگومانیشم لەوەی کاریگەریی ئەو دەزگایە، لە دەزگاکانی دیکەی حکوومەت کەمتر نابێت و دەبێتە پاڵپشتێکی ڕۆشنبیری- هزریی بەهێزی حکوومەتی هەرێمی کوردستان.

بۆیە پێم خۆشە ئەوە بڵێم [بۆ گۆڤاری ڕامان-یش هەر ڕاستە]، کە پەشێو دەڵێت:

**تۆ، لە سەردەمی کورتەباڵایان،**
**باڵای بەرزی خۆت لەکوێ هێناوە؟**
**تۆ، لە سەردەمی قاتی و نەهاتا،**
**وەرزی سەوزی خۆت لەکوێ هێناوە؟**